سەرۆک کۆمار سەردانی پەرلەمانی قوبرسی کرد

سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید سەردانی پەرلەمانی قوبرسی کرد و لەلایەن خاتوو ئەنیتا دیمیتریۆ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پێشوازیی لێکرا. نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە راگەیەندراوێکدا کە بڵاویکردۆتەوە" لە دیدارەکەدا، کە ئەمڕۆ سێشەممە بەڕێوەچوو، پێشهاتەکانی بارودۆخی سیاسی و پرسی نەوەد و هەشتییە جێبایەخە هاوبەشەکان تاوتوێ کران، لەو چوارچێوەیەدا سەرۆک کۆمار تیشکی خستەسەر پێویستی بەهێزکردنی هەماهەنگی دووقۆڵیی لە ئاستی پەرلەمان و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونی یاسایی و یاسادانان لەنێوان پەرلەمانی عیراق و قوبرس و گرنگی پێکهێنانی لیژنەیەکی دۆستایەتی عیراقی و قوبرسی و چالاککردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەشێوەیەک، کە ببێتە هۆکار بۆ پەرەپێدانی کاری پەرلەمانی و یاسادانان. هەروەها بەڕێزیان باسی دیدارەکەی لەگەڵ هاوتا قوبرسییەکەی و کۆبوونەوە فراوانەکەی وەفدی هەردوو حکومەت و ئەنجامە ئەرێنییەکەی کرد و ئەو دیدارەیشی بەکۆڵەکەی سەرەکی پەیوەندییە دوو قۆڵییە بەهێزەکان پێناسەکرد، کە دەتوانێت هیوای هەردوو گەلی دەست لە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بەدەستبهێنێت. سەرۆک کۆمار ئاماژەی بەوەشدا، کە عیراق لە ئاستی ئەمنی و سیاسی و ئابووری لە قۆناغێکی سەقامگیریدا دەژی و لەهەمانکاتدا پێشوازی لە بەشدارییەکانی کۆمپانیاکانی قوبرس دەکات لەکەرتی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە و ئاماژەی بە گرنگی

کاراکردنی گواستنەوەی ئاسمانی لە نێوان عیراق و قوبرسدا کرد بە پتەوکردنی میکانیزمەکانی پەیوەندیکردن. هەر لە دیدارەکەدا جەخت لەوە کرایەوە، پێویستە دیپلۆماسیەتی کلتووری لە نێوان عیراق و قوبرسدا هەبێت، کە ڕێگا خۆش بکات بۆ هەماهەنگی لە بواری شوێنەوارە کۆنەکان و پاراستنیان و پارێزگاریکردن لە کەلەپوری شارستانی و کولتوری هەردوو وڵات. سەرۆک کۆمار تێڕوانینی خۆی بۆ داهاتووی ناوچەکە و دەرئەنجامە ئەرێنییەکانی بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیری لەسەر سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان و خواستەکانی میللەتەکانیان بۆ ژیانێکی سەلامەت و سەقامگیر و پشتیوانیکردن لە مافی گەلی فەڵەستین بۆ بەدەستهێنانی هەموو مافە ڕەواکانیان و دیاریکردنی چارەنووسیان خستەڕوو. لەلای خۆیەوە، خاتوو دیمیتریۆ خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە دیدارەکەی لەگەڵ سەرۆک کۆمار و جەختی لە پەرۆشی وڵاتەکەی کردەوە بۆ فراوانکردنی ئاسۆی هاریکاری لەگەڵ عیراق لە بوارە جیاجیاکاندا بەمەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان.